www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:10 26-12-2006

هەزار جار نا بۆ گۆرینی ئەی رەقیب... رزگار کۆچەر

RZGAR_KOCHAR@HOTMAIL. COM

هونەرمەند عوسمان درویش هونەرمەندێکی رۆژئاوایە چەند ساڵێکە خۆی و خێزانی لە کوردستان ژیان دەگوزەرێنن دەبنە میوانی باشور، وەك خۆی بۆی گێرامەوە بەم دوایە لەبەر خراپی باری ئابوریان منداڵەکانی دەنێرێتەوە شام و هەر لەوێش دەیان نێریتەوە قوتابخانە رۆژێك مامۆستای قوتابخانەکە بە زمانی عەرەبی بەیەکی لە کچەکانی کاکە عوسمان دەڵێت تۆ سرودێکم بۆ بلی ئەوکاتەش کیژۆلە بچوکەی کاکە عوسمان کەتەمەنی هێشتا هەشت سال تەواونەکردوە، بە قورگە ناسکەکەی لەناو ئەو پۆلەدا کە دەیەها وێنەی حافزی ئەسدو و کورەکانی تری بە دیوارکە هەڵساوە بە ئاوازێکی ناسك بی ئەوەی بزانێت بەعسیەکان سرودێکیان هەیە سەربوردەکەی دۆران لە دوای دۆرانە کەچی شانازیشی پێوە دەکەن و ئەی رەقیبیش سالانێك چقلی چاوی ئەوان بووە ئەو لە بچوکی خۆیەوە بی ئەوەی بترسێت ئەو سرودە بۆ مامۆستاکەی دەڵێت کە ئێستا هەندێك وادەزانن گۆرینی سیمبولی نەتەوەیەك ئەوندە ئاسانە... !!!

بەلی ئەو کیژۆلە بچوکە ئەی رەقیب دەڵێت و دوایش بەعسیەکان گەورەترین گرفت بۆ خانەوادەکەی دروست دەکەن وچەند رۆژێکیش ئەم منداڵە بچوکە لە پۆل فەسل دەکەن..

جا دڵنیام لەوکاتەی شێخی تێکۆشەر شیخ حسین بەرزنجی لە زیندان ئەی رەقیبی مامۆستا دڵداری نەمری کردە مارش هەزارەها تێکۆشەری کورد ملیان خستە بەر پەتکی سێدارە سەریان بۆ دوژمنانی کورد شۆر نەکرد، کەچی ئێستا کەسانێك بی ئەوەی پرس بە سەد هەزار شەهید بکەن بی ئەوەی پرس بە ئەنفال کراوو هەلەبجەیەکان بکەن، بی ئەوەی پرس بە باکورو رۆژهەلات و رۆژئاوا بکەن، بی ئەوەی پرس بە بارزانی نەمر و قازی و مەلیك شێخ محمود و شێخ سەعیدی پیران بکەن هەر لە خۆیانەوە دەست لە پیرۆزی نەتەوەیەك دەدەن...

ئاخر فەرنسیەکان لەو کاتەی سرودی مارسیلس یان لەسالی 1879 وەك سیبمبولێك هەڵبژارد تا ئێستاش لەژێر چەتری ئەو سرودە کرنۆش ئاسا لە بۆنەکان سەربڵند دەروانن، یۆنانیەکان و روسیەکان و ئیسرائیلیەکانیش وەك ئەوان لە باشوری ئەفریقیاش بە هەمان شێوە، جا نازانم هەندی پیاو ماقولی کورد بۆ هەموو شتێکیان کردۆتە مۆدە ئاخر ئەوە پیرۆزی نەتەوەیەکە.... ئەوە گۆرینی سکرتێرەکانی خۆتان نیە هەر رۆژە بە مهانەیەك بیان گۆرن و دوایش یەکێکی جوانتر لە ئەو بهێنن، یان ئەوە دیکۆری ژورەکانتان و خانوەکانتان نیە هەر رۆژەو بە مۆدیلێك گۆرانی بەسەر دابینن!!!

ئەی رەقیب پەیامی شۆرشگێران وئازادی خوزانە بانگی هەقە بۆ سەربەخۆبوون، ئەی رەقیب ورەی نەوەی تازەیە بۆ هەنگاو نان بۆ سەربەخۆی، بیر هێنانەوەی خوێنی شەهیدانە..

ئەوانەی دەیانەوێت ئەی رەقیب بگۆرن با بچن کارێکی تر بدۆزنەوە دوو فلسی تێدا بێت!!!!

بە داوی لێبوردن لە مامۆستا گەورە مامۆستا شَیرکۆ بیکەس زیاتر لە بیست جار ئەو شیعرەم خوێندەوە کە جەنابت ئامادەتت کردوە تا جی َی ئەی رەقیب بگرێتەوە کەچی نەك هەستی نەبزاواندم بەڵکوو باوەرم نەکرد ئەو تێکستە سادەیە بە پەنجە رەنگینەکانی تۆ نوسراوە... دیسان بە دوای لیبوردنەوە